# بەیەکەوە هەڵکردنی یەکێتی و پارتی لەتاکتیکەوە بۆ ستراتیژ!



سلێمان عەبدوڵلا یونس
slemanyunes@yahoo.co.uk

بەهاتنە مەیدانی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان ، وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی و ئایدلۆجی جیاواز لە پارتی دیموکراتی کوردستان ، شێواز و چەمکەکانی حزبایەتی لە کوردستاندا گۆڕانکاریەکی چەندایەتی و چۆنایەتیشی بەسەرداهات . گۆڕانێکی چەندایەتی بوو چونکە لە ساتی لەدایک بوونی یەکێتییەوە ، ئیدی پارتی دیموکراتی دیموکراتی کوردستان ، تاقانە پارتی کوردستانی سەرگۆڕەپانە سیاسیەکەی کوردستان نەما . ڕاستە پێشتر پارتی و حزبی شیوعی بەیەکەوە لەگۆڕەپانەکە بوون ، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی ناسنامەیەکی عێراقی هەبوو ، لەبەرئەوەی حزبی شیوعی و خەباتەکەی لە سەر مەسەلە چینایەتیەکانی نێو عێراق چڕکرابوونەوە ، هەر بۆیە حزبی شیوعی ئەگەر بەڕواڵەتیش هەندێ جار هەوڵی دابێت ،لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کوردستان ، وەکو پارتێکی جیاواز، لەڕێگەی ڕێخکستنەکانی خۆیەوە لەهەرێمی کوردستان دەربکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەرکەوتنە زیاتر لەڕواڵەتی کارکرنێکی ڕۆتینینانەی سیاسی ئەو پارتەدا نەک لەفەلسەسە و گوتارە سیاسیەکەیدا بەبەردەوامی ڕەنگی داوەتەوە، هەربۆیە ئەو پارتە هەرگیز نەیتوانیوە وەکوو پارتی ڕکابەری پارتی لە خەباتی نەتەوایەتی و

ڕزگاری نیشتیمانیدا لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بناسرێ و لەگۆڕەپانە کوردستانیەکە دەربکەوێ .

دروست بوونی یەکێتی گۆڕانێکی چۆنایەتیش بوو چونکە یەکێتی بەدیدێکی جیاواز لە دیدو دیوە تەقلیدیەکەی واقیعی حزبی کوردی خۆی ناساند ، ئەوەش بەوەی هەم نوخبەیەکی ڕۆشنبیر بە باگڕاوندێکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی جیاواز سەرکردایەتی یەکێتیان پێکهێناو هەم یەکێتیش وەکو رێکخراوێکی سیاسی، بۆ نوێنەرایەتی ڕەنجدەرانی بیر و بازووی کۆمەڵگەی کوردستان خۆی ساغکردەوە .

دیارە دروستکردنی واقیعێکی تازەی لەو چەشنەو چەسپاندنی ئەو واقیعەش کارێکی سانا نەبوو ، چونکە بێگومان بەرەنگاربوونەوەی ئەم واقیعە تازەیە ،بەپێی خوێندنەوەی هەلومەرج و پەیوەندیە سیاسی و فکری و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە مەسەلەیەکی تاڕادەیەک پێشبینی کراو بوو . لێرەدا من دەخوازم قسە لەسەر دروست بوونی بەرهەڵستی ئەم ڕەوشە، لەسەر ئاستە کورستانیەکەی ، بەتایبەتی لای پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم ، دوای ئەوەی کە 31 ساڵ بەسەر ئەو ڕەوشەدا تێپەڕیوەوە و یەکێتی و پارتی پەیوەندیەکانیان لەئێستادا ،لەڕەوش و قۆناغێکی تەواو جیاوازدایە .

ئەگەر تەماشای کاردانەوەی پارتی بکەین لەبەرامبەر دروست بوونی یەکێتییدا ، دەبینین ئەو کاردانەوەیە کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤ نەبووە ، کاردانەوەیە بووە بۆ ڕێگرتن لە تەشەنە کردنی ئەو ئەو بارودۆخە نوێیە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو سەردەمە حزبی کوردی لەقۆناغێکی ئێجگار لاوازی تێگەیشتندا بووە لە چەمک و تێگەیشتن و ڕوانینەکانیدا بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ مەسەلەی ژیانی حزبایەتی و هەڵسوڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە کوردستاندا.بێگومان ئەم بارودۆخەش پەیوەندیەکی دیالکتیکی و مێژووی بە ئاستی گەشەکردنی هەمەلایەنەی ئەوسای کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبووە، لە تەواوی بوارەکانی ژیانی ئەو

کۆمەڵگایەدا. هەربۆیە دەبینین بەریەکەوتنی ئەو دوو پارتە بەریەکەوتنێکی توندوتیژی خوێناوی بووە و کارەسات و نەهامەتی و دژواری زۆری بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا هێناوە ، کە بێگومان شەڕی براکوژی و دواتر دابەشکردنی کوردستان بەسەر دوو نفوزی دەسەڵاتی سیاسیدا لە زەقترین نموونەی ئەم بەریەکەوتنە ترسناک و خوێناویانە بوون کە لە بەرەنجامی ئەو بەریەکەوتنانە کەوتنەوە.

لە سەردەمی ئاشبوونەوەی گشتی و دوست کردنی بەرەی کوردستانی و دواتریش لە دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردن و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا مێژووی بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش ، پەیوەندیەکانی یەکێتی و پارتی هەڵکشان و داکشانی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیووە. بەجۆرێک زۆرینەی خەڵکی ڕەشبین و نائومێد بوون لە هەڵکشانی جۆری ئەو پەیوەندیانە، بەئاقارە ئەرێنی و دیوە پۆزەتیڤەکەیدا ، چونکە ئەوەی بەئاسانی دەتوانرا لای خەڵکە ئاساییەکەی کوردستانیش سەرنجی لێبدرێ، ئەو ڕاستیە بوو کە دیدی سەرکردایەتی هەردوو حزب بۆ پەیوەندیەکانیان دیدێکی تاکتیکی و هەر بۆ تێپەڕاندنی قۆناغە سەخت و مەترسیدارەکانی سەر ئاسایشی ژیانی سیاسی هەردوو حزبە. پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای تاکتیکی سیاسی و تێپەڕاندن ڕۆژ و دەستەبەرکردنی هەل و دەرفەتێکی دیکەی زاڵ بوونیان بووە بەسەر یەکتریدا . لای هەر دوو حزب ئەم تاکتیکە بۆ دابینکردنی کەشێکی لەبارتری کوردستانی و عێراقی و ناوچەیی بووە لەبەردەم خودی خۆیاندا ، کەشێک کەتیایدا جارێکی دیکە بتوانن بەشێوازێکی دیکە هەیمەنەتی خۆیان بەسەر یەکتریدا بسەپێنن و هەر لەوێشدا نوقتە بۆ ئەو پەیوەندی و تاکتیکی بەیەکەوە هەڵکردن و کارکردن و خۆگونجاندنە دابنێنن ، کە لەژێر گوشاری بەرژەوەندیە کوردستانی و ناوچەییەکانی هەردوو حزبدا بەشێوەیەکی تاکتیکی و کورت خایەن، نەخشەیان بۆ دەکێشرا ، بێگومان ئەمە وێڕای فشار و گوشارە بەردەوامەکانی هێزە خۆرئاواییەکان بەڕێبەرایەتی ئەمریکا بۆ سەر هەردوولایان.

لە دوای ڕوخانی بەعسەوە سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردن و کارکردن لای هەردوو حزب، لە بەیەکەوە هەڵکردنێکی تاکتیکیانەوە بەرەو دروست بوونی پەیوەندیەکی ستراتیژی و ستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردن دەڕوات ، گومانەکانیان لەبەرامبەر یەکدیدا ڕوو لەڕەوینەوەن ، ئەوەی بە پردی متمانەو گیانی تەبایی ناوزەد کراوە لە هەڵکشانێکی بەردوامدایە، بەتایبەت لەسەر ئاستی سەرکردایەتی هەر دوو حزب.
ڕازی بوونی یەکێتی بەسەرۆکایەتی بەڕێز مەسعود بارزانی لە هەرێمی کوردستان و دواتر ناو هێنانی بەڕێز بارزانی بە (سەرۆک بارزانی) لە لایەن خودی بەڕێز مام جەلال و سەرکردە دەستڕۆیشتوەکانی نێو یەکێتی وەکوو بەڕێزان نێوشیروان مسەفا ئەمین و کاک کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی ، نیشانەی گۆڕانی جۆری ئەو پەیوەندیانە و خودی ئەو سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردنی تاکتیکیانەیە، بەرەو پەیوەندیەکی سترایژی و خولْقاندنی ستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردنێکی مۆدێرن لە لای یەکێتی .

بێگومان ئەم گۆڕانە و سەرەتاکانی ئەو گۆڕانە لەسیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردندا ، بە هەمان شێوەش دەتوانرێت لای پارتی هەستی پێ بکرێت. بێگومان ئەمەش لەڕازی بوونی بەرێز بارزانی و پارتەکەیەوەیە بە سەرۆکایەتی بەرێز تاڵەبانی لە عێراقدا و پشتیوانی کردنی جدیانەش لە تاڵەبانی وەکوو سەرکۆماری عێراق ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵام پێموایە نوقتەی گرنگ لە وەرچەرخانی ئەم سیاسەتەی پارتی و هەوڵی جدیان بۆ گۆڕینی سیاسەتی بەیەکەوە هەڵکردن لەگەڵ یەکێتی و گۆڕینی تاکتیکی بەیەکەوە هەڵکردن بۆ ستراتیژی پێکەوە ژیان بەشێوە سیاسی و ساغلەمەکەی ، لە دانپیانانی ڕاستگۆیانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە دەست پیدەکات ، کاتێک لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی کادیرە ئەساسیەکانی هەر دوو حزبدا گوتی( یەکێتی کۆمەڵە خەڵکێکی خەباتگێر بوون بۆ بەگژداهاتنەوەی واقیعی شکستی دوای ساڵی 1975 هاتنە مەیدان ، نەک بۆ لەنابردنی پارتی). بەمەش بەڕێزیان توانی ڕاشکاوانە کۆتایی بە یۆتۆپیای ئەو گومانانە بهێنێ کە دەیگوت یەکێتی بۆ

لەناوبردنی پارتی دروست بووە،مێژوویەک بوو وەکوو دیوارێکی سایکۆلۆجی، بەربەست بوو، لەبەردەم پەیوەندیەکانی نێوان پارتی و یەکێتی . بێگومان دەتوانین ڕووخانی ئەو دیوارە بەربەستە سایکۆلۆجیە زیاتر هەست پێبکەین کاتێک کە سەرنجی وتەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و بروسکەی پیرۆزباییەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان بدەین، کە بەبۆنەی بوونی کاک کۆسرەت بەجێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ، ئاڕاستەی یەڕێزیان کراوە ، کە لەناوەڕۆکدا دەکرێت بە سەرەتای جدی بۆ جاڕدانی ئەو پەیامەی سەیر بکەین، کە ئێمە بەستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردنێکی ستراتیژیانەی پێناسە دەکەین. پرسیاریک کە ڕەنگە لێرەدا بێتە پێش ،ئەوەیە کە ئایا یەکێتی و پارتی چۆن دەتوانن ئەو سیاسەتی تاکتیکی بەیەکەوە هەڵکردنەی کە میژوویەکە لەگەڵ یەکتریدا پەیڕەوی دەکەن و ئەندامەکانیشیانی لەسەر گۆش دەکەن،بەشێوەیەکی تۆکمە و چەسپاو، لە سەراپای ستراکتۆری ئۆرگانە حزبیەکانیاندا بگۆڕن بە ستراتیژی بەیەکەوە هەڵکردن ؟بێگومان ئەمە کارێک نیە لەشەو و ڕۆژێکدا بێتەدی، پرسیارێکی ئێجگار گرنگ و جدییە دەبێت لای سەرکردایەتی هەردوولا بەهەند هەڵبگیرێ ، بۆ ئەوەی ڕێ لەبوونەوە بەخوری ڕیسەکە بگرن!